# چاككردنی كومەڵگای كوردستان

ئاسۆ حامدی
نۆڤەمبەری 2005

## هەندی لە بنەماكان

هەموو سەرەتایەك دەستپێكردنی گرانە، ئەمە بو كومەڵگاو زانستیش هەروایە، بو گوڕانی كومەڵگا هیشتا زەحمەت ترە..گورینی كومەڵگای مشەخور بو كومەڵگایەكی بەرهەم هین هەروا ئاسان نیە، یان گورینی كومەڵگای دواكەوتو بو كومەڵگایەكی شارستانی پیویستی بە هەموو ئالوگورەكان هەیە لە گشت ئاراستەكان و هەولی گشتی دەوێ.

ئەگەر هەموو هەوڵ و كۆششەكان بە گشت ئاراستەیی و بە هەمەلایەنە لە بیری داهێنان بۆ بنیاد نانی كۆمەڵگا بوون ئەوا تەنها دەبێ جار جار ئاوڕ لە دواوە بدەینەوە. ئەم هەنگاوەی دوایی گرنگی دانە بە رابردووی بنیاد نان، رابردوویەك كە چەندین هەنگاو ئاڵوگۆری بە كۆمەڵگا دا داوە.

گەشەدان بە هیزی بنیاد نان لە كۆمەڵگا ئەركی گشت كۆمەڵە لە هەموو ئاستێ دا. ئەگەر ئەم هەستكردن بە لیپرسراویەتیە بە كۆمەلایەتی بووەوە ئەوكات پاراستنی داهاتی نەتەوەیی و قازانجی بالای نەتەوەیی لەسەرووی هەموانەوە قەرار دەگرن، ئەمنی نەتەوەیی بۆ پاراستنی ئەمانە دەبێتە كاری هەمووان.لە دوو بەرە ،كێشەكان چەق دەبنەوە..بەرەیەك لە ناوەخۆدایە كە جەرەیانەكانی چەپ و راست بە هەموو لایەنەكانیان لە كێشەی ناوخۆییدان لە گەشەدان بە كۆمەڵگا، یانی لە كێشمەكێشی چاككردنی كۆمەڵگا دان بە ئاراستەی جیاجیا، لەبەرەی دەرەوەیی دا هەموو جەرەیانەكان قازانجی بەرزی نەتەوەیی و ئەمنی نەتەوەیی لە سەرووی هەموو شتێ دەبێ دابنێن و یەك هەلوێستی سیاسی و كۆمەلایەتی و فەرهەنگیان هەبێ لە گشتدا، ئەگەر لە ناوچەدا تەكەتولاتی چەپ و راست پەیدا بوون ئەوكات هەر دەبێ رەچاوی قازانجی بالای نەتەوەیی و ئەمنی نەتەوەیی بكرێ و دواتر لە هەلسەنگاندنی زانستی دا مەسەلەكان یەكلا دەكرێنەوە.

بۆ ئەم مەبەستە كۆمەڵگایەكی هۆشیار و بەرهەمهینمان پێویستە، لیرەدا دەسەڵات و گەل لە یەكدا زۆر نزیك دەبنەوە، هەردووكیان لە یاسادا كار و فەرمان و ئەرك و پێویستەكانیان دیاری كراوە. بۆ بەرهەم هینانی ئەم كۆمەڵگایە چەند بنەمایەكمان پێویستە لە مانە:

1.كار و داهاتی نەتەوەیی و داهاتی فەردی تاكەكانی كۆمەڵگا:

هەموو مرۆڤێ لە سنووری نەتەوەیی كوردستان بژی(و ئادرەسی هەبێ!)، مافی كاری مناسبی هەیە، كاری كە بتوانی لەگەڵ تەمەن و باوەڕنامەو تایبەتمەندیەكان و فیزیكی توانایی لەشی بێتەوە، بە كورتی كاریكی شیاوی كۆمەلایەتی كە كۆمەڵ بەهرەمەند دەكات بە ئیمكاناتەكانی.

هەموو بێكاران و پەككەتەكانی كوردستان دەبێ لە بیمەی بیكاری بەهرەمەندبن كە لانی كەمی كرێ ی كریكاری نابێ كەمتر بێ، یانی دەبێ ژیانی و داهاتی فەردی مسۆگەر بێ.داهاتی نەتەوەیی دەبێ لە بەرنامەكانی كورت ماوە و درێژ خایەندا بۆ كۆمەڵگا بەیان بكرێ، تەنها ئەو رشتانە نەبێ كە پەیوەندی بە ئەمنی نەتەوەیی هەیە، ئەمانەش لە دراسەی باوەڕ پیكراودا دەبێ بۆ كۆمەلانی خەلكی كوردستان رۆشەن بن.

2. تەندروستی کەسانی کۆمەلگا،دەبێ دەولەت، ئەرکی پارستنی تەندروستی ئەندامانی کۆمەڵ لە ئەستۆ بگرێ.نەخۆشخانەکانی دەولەت و دکتۆرەکان و کارمەندانی دەولەت دەبێ لە ژیانیکی مناسب دابن پێویستیان بە کاری تایبەتی نەمێنێ، تا چۆنایەتی نەخۆشخانەکانی دەولەت لە نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەت باشتربێ و هەموو مرۆڤەکانی کۆمەلگا لە هەموو هۆیەکان کە دەبنە پاراستنی تەندروستی ئینسانەکان دەبێ لێی بەهرەمەند بن.

3.خانووی مناسب بۆ هەمووان، هەموو مرۆڤێ لە کوردستان چ تەنها چ خیزاندار شایانی خانووی مناسبە، جا با بەکرێ بێ ( ئەگەر ئیمکانی خانوو بەرەی مناسب نیە بۆ هەمووان). دەبێ قانوونی کرێ نشینی بە کۆمەلایەتی بکرێتەوە و خاوەن خانووەکان نابێ ژیانی کرێچیەکان بکەن بە دۆزەخ. دەوڵەت دەبێ ئەرکی پاراستنی ژیانی ئەمانە بپاریزێ لە هەمان کات یارمەتی خاوەن خانووەکان بکات لە کاتی ئالوگۆر لە بازاری پارەو خانوو بەرەدا.

4. هەموو کۆمەلگا دەبێ لە پێداویستە سەرەتاکانی ژیانی مرۆڤایەتی بەهرەمەند بێ( بە نموونە نان، کارەبا و غاز و ئاوی خواردنەوە) .( ئەم داواکاریە زۆر فوریە و سەرەتاییترین مافی مرۆڤی هاوچەرخە..)

5. ئازادی یە سیاسیەکان، ئازادی بەیان،بیروباوەر جاپ و بلاوکردنەوە بۆ هەمووان لە چوارچیوەی یاسایی دا مسۆگەربێ و لەهەمان کاتدا هەمووان دەبێ پەیرەوی بکەن.

6.وەرزش بۆ هەمووان، دەولەت دەبێ هۆیەکانی وەرزش بۆ هەمووان دابین بکات تا گشت کۆمەلگا هەست بە گرنگی وەرزش بکات بۆ پارستنی تەندروستی نەوەکان و ببێتە بەشێ بە پەران و گەشەدان بە سامانی نەتەوەیی. مندالان و لاوان دەبێ لە هەموو هۆیەکی وەرزش لە گەڕەکەکان و قوتانخانەکاندا لێ بەهرەمەند بن. وەرزش دەبێ گرنگی خۆی لە کۆمەلگادا وەربگرێ و بە زانستی مامەڵەی لەگەڵ دا بکرێ.

7. خوێندن و خوێندنی باڵا، دەولەت دەبێ ئاستی خویندن و مەنهەجیەتی خویندن بۆ ئاستی بەرزی وولاتانی پێشکەوتوو بەرزبکاتەوە.
دەبێ هەمووان لەم مەیدانەدا بەهرەمەند بن.ئاستی هۆشیاری و زیرەکی دەبێ ببێتە پێوانە بۆ جیایی کەسەکان، نەک ئاستی وەزعیەتی کۆمەلایەتی و سیاسیان..خوێندنی بالا لە هەموو ئاستێ دا دەبێ لە ئاستی جیهانی دابێ، تا مرۆڤەکان بتوانن لە دەوەرەو ناوەوە کار پەیدا بکەن، بە مەش داهاتی نەتەوەیی دەچیتە سەر. خوێندن و مەنهەجەکانی خوێندن دەبێ لە بۆچوونە کۆنەپەرستی و ئایینی و نەتەوەپەرستیەکان پا بکرێنەوە. خوێندن دەبی ئازاد و گشتی بێ بۆ هەمووان، هەر کەسێ ئازادە خوێندنی دینی یان خویندنی تر هەلدەبژێرێ. بەلام نابێ ئەم جۆرە خوێندنانە کاری سلبی و دژایەتی کۆمەلگایان هەبێ.

8.پیرو پەککەوتەکان یان نەخۆشەکان و..هتد دەبێ لە کۆمەلگا هەمان بەهایان هەبێ لەگەل کەسێکی ساغ و گەنج دا بۆ ئەمانە دەولەت مەسئولە لە بەردەوامی ژیانی ئینسانیان.

9. گەشەدان بە کۆمەڵە و ڕێکخراوە کۆمەلایەتیەکان کە هەولی چاککردنی کۆمەلگا دەدەن.سوونەتی کاریگەری ڕێکخراوە کۆمەلایەتی و کریکاریەکان لە بەریوەبردنی کۆمەلگا دەبێ پەیرەو بکرێ. لێرەدا گشت کۆمەلگا ڕێکخراو دەبی.کۆمەلگا لە ژیانیکی ستاتیک دەبیتە دینامیک و ئۆرگانیک. ئەوکات سەرکردەو بەڕێوەبەران ناتوانن لە سەرسەری کۆمەلگا بوەستن. هەرکاتێ هەڵەیەکیان کرد. کارتی سوور وەردەگرن.( لەگەڵ ئەمەش هەموویان کارتی سووریان وەرگرتووە!!).

10.گەشەدان بە چۆنایەتیەکانی کۆمەلگا لەمانە چۆنایەتی دەوروبەر، ئابووری، سۆسیال، ژینگە و پرۆسیسەکان کە کاریگەری زۆر لە سەر کۆمەلگا دادەنین.

11.گەشەدان بە مێژوو و شوینە مێژوویەکان، پاراستنی بەها نەتەوەییەکان.دەولەت دەبێ ئەرکی سەرەکی ببینێ لە ژیانی مرۆڤەکاندا.

12.پەیڕەوی قەراردادی کریکاری لە گشت کارخانە و دام و دەزگا دەولەتیەکان و کۆمەلگادا ، ئەمە نەک هەر قازانجی کۆمەلانی خەلکی کریکاری هەیە، بەلکو کۆمەلگا بە یاسایی دەکاتەوە، تەنانەت خاوەنکارانیش سوود لەم یاسایە وەردەگرن.
هیزفرۆش ( چینی کریکار) ، لەگەڵ هیزکڕ دا ( خاوەنکار) لە مامەڵە دان، وەکو هەموو کریارو فرۆشیارێک.

13.ئەمنیەتی کۆمەلگا، هەموو هاولاتیەک لە کوردستان بە هەژارو دەلەمەند هەقی خۆیەتی هەست بە ئارامی و ئاسایشی کۆمەلگا بکات و دلنیابێ لە هەموو ژیان و گوزەرانی.
ئەمنیەتی کۆمەلگا پۆلیس بە هاوکاری هاوولاتیان کۆمەلگا دەپاریزن. ئەگەر دەولەت لە کوردستان ئەم متمانەی لە هاولاتیان پەیدا کرد و لە قازانجی ئەوان بوو ئەوکات ئەرکەکانی ئاسان دەبنەوە.
دەبێ بۆ کۆمەلانی خەلکی کوردستان ڕۆشەن بێ پۆلیس و سوپا وەکو هەر کریکاریکی ترن کە هیزیان دەفرۆشن و دەبێ قەرار دادیان هەبێ و ڕێکخراوەو ئیتحادیەی خۆیان هەبێ ، ئەندام بن لە فدراسیۆنی سەراسەری کریکارانی کوردستان.
پۆلیس و سوپا تەنها ئەرکیان پاراستنی کۆمەلگایە، نەک زیندانی کردن و کوشتنی ئۆپۆزیسیۆن.
ئەم کاتانە بەسەر چوو. یان دەبی بە سەر بچێ.
کۆمەلگای ئازاد لە کوردستان دەبێ نموونە بێ لە ڕۆژهەلاتی ناوەنددا.ئەم زەمینەیە لەبارە، ئەوکات چەپ و ڕاست لە کوردستان دەتوانێ هەنگاوی جدی بەرەوپێشەوە بڕوا.بەلام هەردەبێ جار جار هەنگاوێ بۆ دواو بڕۆن و سەیری ڕابردوو بکەن.ڕابردوو بۆ خەلکی کوردستان زۆر گرنگە، چونکە خەلکی کوردستان زۆر ڕەزالتییان لە ڕابردوو بینیووە. تێگەیشتن لە ڕابردوو هەنگاویکە بۆ تێگەیشتن لە داهاتوو.

دەبێ خەلکی کوردستان جیای نێوان ئازادی و ژێر دەستەیی بکەن.
گرفتە ناوخۆییەکان و دەرەکیەکان دەبێ بە جیا ببینن.
بە کورتی کێشەی دوژمنانە لە گەڵ وولاتانی داگیرکەرو کێشەی نا دوژمنانە لە گەڵ پارتە حاکمەکانی کوردستان. ئەمە بۆ ماڵیش هەروایە.

من هەر چەندە ئەنتەرناسیونالْ بم بۆ خەلکی کوردستان دەنوسم، ئەگەر ناسنامەیەکی نەتەوەیی ترم هەبا ئەوا بۆ ئەو میللەتەی ترم دەنووسی.رەنگە ئەمە نوێ نەبێ بەلام دەبێ سوونەتی نوێ بێ. بەراورد کردنی شۆفینزمی عەرەبی بە ناسیونالیزمی کورد بۆ چەپیکی کورد نابێ بە هەمان تەرازوو بێ یان هەمان کێش بێ، دەبێ چەپ لە کوردستان ئەمە ڕاست بکاتەوە، ناسیونالیزمی کورد زۆر کاری خراپی کردووە بەلام جینۆ ساید ، کیمیا باران ، ئەنفالی نەکردووە، نابێ ئەم دووە تێکەلاو بکرێ.
تەمەنی هەموو زۆرداریّ کورتە، کورد ووتەنی هەموو شتی لە لاوازی دەپسێ زۆرداری لە بەهیزی دا.لەلایەکی تردا زۆر کار بە ریفۆرمیزم چاک دەکرێ بەلام بە شەرو دژایەتی هەرگیز چاک ناکرێ. سیاسی بوونی چەپ و ڕاست لە کوردستان لەمە دایە.
کۆمەلگای زۆرداری و سیستەمی جەنگەلستان( بە هیز بێ هیز دەخوا ) دەبێ کۆتایی پێ بێ. ئەگەرچی هەروا بەردەوامی هەیە.

13.کار کردن لە ژیرەوە یانی لە قاعدەوە بۆ سەرکردایەتی، گەرەکەکان ، کارگەکان، قوتابخانەکان، شوێنی کارو ژیان دەبێ مەیدانی گۆرانی کۆمەلْ بن. سەرکردایەتی دەتوانێ کاریگەری هەبێ بە حوکمی ئەوەی داینەمۆی بزوتنەوەیەی کۆمەلاتیە ،( ئەگەر وابن؟)، بەلام لە کاتی ئیستادا ئەم سەرکردایەتیە لە چەپ و ڕاست وونە.
خەلکی کوردستان لە ئاستی ئەوان نزمتر نین. خەلکی کوردستان دەتوانن لە ڕیگای یاسایی و ئالۆگوری کۆمەلایەتی دەتوانن داواکاریەکانیان بەسەر بەرێوەبەران و دەسەلاتداران بسەپینن.من دەسەلات و کۆمەلگا بە جیا لەیەک نابینم، بەمەرجێ دەسەلات لە قازانجی هەموو کۆمەلانی خەلک بن. نەک هەر دەسەلاتی خۆیان بن و بارگرانی بن بەسەر کۆمەلگا.

بە کورتی حیکمەتی ئالوگۆڕی کۆمەلگا لە هۆشیاری کۆمەلایەتی دایە، کۆمەلگای کوردستان ئەم زەمینە دەبێ بۆ خۆی ساز بکات. کۆمەلگای کوردستان گرفتی زۆرە. رابردووی، ئیستایی ، داهاتووی، کۆمەلانی کوردستان هەست بەمە دەکەن. ڕابەرانی یش. ئەمرۆ لە کوردستان زەمەنی کۆکردنەوەی سەرمایە یە بۆ بەڕێوەبەرانون و دەسەلات داران، کۆمەلگاش مشەخۆرە ، لە داهاتووی نزیکدا و گۆرانی وەزعی ئەنتەرناسیونال گرفتەکانی کۆمەلگا زیارتر دەکات، ئەوکات خەلکی کوردستان هەست دەکەن هەلی زۆریان لەدەست داوە. هێشتا ئەم فرسەتە ماوە بۆ چەپ و ڕاست بیر لە ڕابردوو –ئیستا –داهاتوو بکاتەوە.
ئەم ووشانە تەنها بۆ کۆمەلانی خەلکە و غەمی دەسەلات دارانم نیە.چونکە ئەوان گۆڕاون.

14. هەموو پیداویستە کانی ژیان و گوزەران یان بنەما ئەساسیەکان دەبێ لە ژێر دەسەلاتی سەرمایەی دەولەتی دابن، بەنموونە ( گاز، ئاو، کارەبا، خواردنە ئەساسیەکان..هتد). سەرمایە خسووسیەکان دەبێ لە ژیر کاریگەری باج و سەرانە خزمەت بە کۆمەلْگا بکەن.

15. دەبێ دەولەت سیستەمی باج بۆ کۆمەلانی خەلک شی بکاتەوەو داهاتی باج لە خەلکی بێ دەرامەت و کۆمەلگا سەرف بکەن.
16. سوپا و دام ودەزگاکانی نابێ وەکو باندی سەرووی خەلکی بن، سوپا نابێ دەخالەت لە ژیانی سیاسی کۆمەلگا بکا. تەنها کاتێ کە دەولەت رووخا یان ئارامی لە کۆمەلگا کەوتە هەڕەشە. بەکوورتی نابێ هیز لە سیاسەت دا بەکار بێ.

17.نەخشەدان و پالانۆلۆغی دەبێ لە کۆمەلگای کوردستان دا بە کۆمەلایەتی ببنەوە. بەرنامەی کورت ماوە ( 5 ساڵ) بەرنامەی درێژ ماوە ( 10 تا 20 ساڵ). شارەوانیەکانی کوردستان دەبی ئەم بەرنامانە لە نێو کۆمەلگا دا بلاو بکەنەوەو خەلکی بەشداری گفتوگۆیەکان بکەن. تەنها ئەو بەرنامانە نەبێ کە پەیوەندیان بە ئەمنی نەتەوەیی هەیە.

18. ئامارەکان و دراساتی ئامار لەسەر هەموو کێشە کۆمەلایەتی و سیاسیەکان دەبێ بکرێ، کۆمەلگا دەبێ بەشداری خۆشی و ناخۆشیەکان بکات.
ئەم ئامارانە دەبێ لە دەنگ و باس و بەرنامەکانی میدیاییەکاندا بلاوبکرێنەوە. تا خەلکی ئەکادیمی و رۆشەنبیران و ئۆپۆزیسیون بەکاریان بهێنێ. ئەمانە واقعیەتی کۆمەلگا دەگەیەنن.

19. گەشەدان بە تەکنەلۆژیا و بەرهەمەکانی ( بەنموونە ئینتەرنیت ) ، کۆمەلگا دەبێ لەگەڵ ئەم بەرهەمانە هەنگاو هەلگرێ و ئامادەکاری بۆیان فەراهەم بکرێ تا بتوانێ خزمەت بە کۆمەلگا بکات. ئەمەش دەبێ هەموو سیستەماکانی بانکەکان، بازاڕ و داهات بگرێتەوە. خەلکی کوردستان دەبێ لە رووەوە هەنگاوی زۆر بهاوێن. ئەگینا هەر لە ریزی دواوە دا دەبن.

20. کۆمەلگای کوردستان دەبێ زیاتر روو بەدەروە دیپلۆماسی تر سیاسی تر دەبێ کار بکات، لەگەڵ دەوروبەر و ئەوروپاو ئەمریکا، نابێ سیاسەتی یەکلایەنە بەکاربهینێ بەلکو هەردەم دەبێ بیر لە پەیوەندی مشتەرەک بکاتەوە، ئەگەر ئالۆگۆری لە ئەنتەرناسیونال و ئەقلیم رووی دا بتوانێ لە گەلی هەنگاو بنێ. ئەمە بۆ هەموو پارتەکی سیاسیش وایە. هەموو پارتێ دەبێ بیر لە تحالف بکاتەوە. ئەگینا سیاسی نیە بە مانای ئەمرۆ..جا تحالفەکە لەهەر ئاستێ دابێ...